**حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە**
**نوێنەرایەتی لە سوید**

Kurdistan Regional Government
Council Of Ministers
Department Of Foreign Relations
KRG Representation in the Kingdom of Sweden

**حكومة إقليم كوردستان – العراق**
**مجلـــس الـــوزراء**
**دائـــرة العلاقـــات الخارجيـــة**
**الممثلية في مملكة السويد**


**ژمارە:**
**ڕێکەوت:**

**بریکارنامەی ﴿گشتی﴾**

| | | |
|---|---|---|
| ناو | | |
| ناسنامە<br>**عێراقی** | | |
| ژمارەی ناسنامە | | |
| ناونیشان | | |

من کە ناوم()، بەرێز،() کردە بریکارو گشت دەسەڵاتێکی یاسایی خۆم پێدا بۆ ئەوەی لە سەر ئەو مافە یاسایی و شەرعییانەی بشێت بۆ بریکاریم رەفتار بکات وەك کڕین و فرۆشتنی سامانی گوێزراوە و نەگوێزراوە بەڵێندان و وەرگرتن ولێسەندن و خەرج کردن و بارمەتەدانان و لێوەرگرتن و دابەش کردن و دابڕکردن و تێکەڵ کردنەوەو ڕاست کردنەوەی جۆر و پۆلی زەوی و زار و لێك دەرچوون لە دابەشنامە و واز لە ماف هێنان و گەردن ئازادکردن و پێك هاتنەوە و مافی داواکردنی قەرەبوو و گوێزرانەوە سەر ناوی میراتگران و بەکرێدان و بەکرێگرتن و واژوو کردنی گشت جۆرە گرێبەستە و ڕێکەوتن و کۆمپیاڵەو سەفتەجە و پسوولە و پەڕاوی بازرگانی و جیرۆکردنیان و بچێتە بانك بۆ پارە دەرهێنان و کردنەوەی پشتیوانەی دارایی ڕێم پێدا لە جیاتیم هاموشۆ و ئامادەی گشت دادگا و فەرمانگەکانی تۆماری باری کەسێتی و گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی درامەت و تۆمارگای خانووبەرە و ئەوانی دیکە بکات وەک فەرمانگەی هاتووچۆکردن بۆ بە ناوکردن و نوێکردنەوەی ساڵنامە و گوێزانەوەیان لە پارێزگایەکەوە بۆ ئەوی دیکە و کەل و پەل و کاڵاو کوتاڵی بازرگانی و تایبەتی لە گومرگ دەربکات. هەروەها مافی تۆمارکردنی داوا و سکاڵاو داکۆکی کردن و رکابەری و ناکۆکی و دادبینی و دادگاییم پێداو ئامادە بێت لە دادگاکانی کێشە شارستانی و سزایی و لێکۆڵینەوە و شەرعی لیژنەکانی تایبەتمەند بە گشت جۆر و پلەکانیەوە و بە دوایاندا بچێت تا کۆیی پێهێنانیان وەك داواکارو داوالێکراو و کەسی سێیەم و ناڕازی لە بڕیاری پاش ملەو ناڕازی کەسانی دیکە و سکاڵاکار و تۆمەتبار و بچێتە ناو دادبینەکانی شەرعی لە کێشەکانی هاوسەریەتی و خەرجی بژێو و گوێڕایەڵی هاوسەری لێك جیابوونەوە و دەست لێك بەردان و ڕەچەڵەك و هەرکێشەیەکی دیکەی پەیوەندار بە باری کەسێتی و تانە لە بڕیاری دادگا و لایەنەکانی تایبەتمەند بدات و سکاڵا دەرهەق دادوەران پێشکەش بکات. بۆ ئەمانەش بۆی هەیە ڕابگەیەنێت و پێی ڕابگەیەندرێ و هۆشداری بدات و بەڵگە بێنێتەوە و گوێ لە بەڵگەو رەخنە بگرێت و ڕەتی بکاتەوە سوێندی بدات و ڕازی بێ بەسوێند و داوای گلدانەوەی سەرەتایی و بەردەوام و هەڵگرتنیان بکات و داوای شارەزاو ناوبژیوان و لادانیان بکات و گوێیان لێبگرێت و ڕەخنەیان ئاراستە بکات و داوا بگوازێنێتەوە و داوای گرتن و بەردانی قەرزار بکات و بچێتە فەرمانگەی تایبەتمەند بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارو بەڵگەنامەی شیاوی جێ بە جێ کردن و لە دادگاکان گشت جۆرە بەڵگەنامەی شەرعی و یاسایی دەربکات و مافی بڕیاردانی کۆتایی هەبێت مافی هەیە گشت ئەو دەسەڵاتانە یا هەندێکیان بە بریکارێکی دیکە (توكيل حق الغير) بدات و لەبەر ئەوە لە خوارەوە واژووم کرد.

-----------------------------------

بریکاردار () ئامادەبو و دوای دڵنیابوون لە ناسنامەی دەقی بریکار نامەکەم بۆ خوێندەوە و دانی بە ناوەڕۆکەکەیدا نا و واژۆی کرد و لە ڕێکەوتی () پەسەندیکرد.

**شۆڕش قادر ڕەحیم**
**نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سوید**


Address: Kommendörsgatan 16, 114 48 Stockholm, Sweden Tel: 0046 70 143 61 42 Email: sweden@gov.krd